گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/3wk1wn53
ڕێکەوتی وەرگرتن: 30/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 07/04/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵ و پێگەی موزیک لە پێکهاتەی چینایەتیی ئاینی کۆمەڵگەی ئێزدیدا

هەنگاو أنور محمد[1] - ناصر هاشم بدن[2] - نەریمان عەبدوڵا خۆشناو[3]
nareman.kareem@su.edu.krd Nasserbadan60@gmail.com hangaw.mohammad@su.edu.krd
[1]بەشی میوزیک، کۆلیژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
[2]بەشی میوزیک، کۆلیژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەسرا، بەسرا، عیراق.
[3]بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختەی توێژینەوە

توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان و پێگەی موزیک لای چینە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکۆڵێتەوە. ڕیزبەندی چینایەتیی ئاینی نێو ئیزدییەکان، ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر هەمو کایە کەلتوریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. چونکە موزیک پێگەیەکی فەلسەفیی گەورەی لەنێو ئاینەکەیان داگیرکردوە، بۆیە ئەو ڕەنگدانەوەیە لە موزیکدا پتر چڕ بۆتەوە. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئێزدییەکان لە نێوان تابۆ و پیرۆزییدا، کاریگەریی لەسەر موزیک داناوە و جۆرە کۆنتراستێکی هونەریی هێناوەتە کایەوە، کە بە ڕونی لەنێو بۆنە و کۆنتێکستە ئاینییەکان هەستی پێدەکرێت، ئەمە لە لایەک و لەلایەکیتر ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئێزدی بۆ باوەڕی خودایی (ئیلاهی) قوڵتر دەکات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسین و دیاریکردنی پێگەی موزیک لەنێو پێکهاتەی چینایەتیی ئاینی کۆمەڵگەی ئێزدیدا و ئاشکراکردنی ڕۆڵی ئەم هونەرە لە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان چینەکانی نێوان ئەو کۆمەڵگەیەدا. ئەم توێژینەوەیە کە بۆ توێژەرانی هەردو بواری سۆسیۆلۆژی و ئێتنۆمیوزیکۆلۆژی گرنگیی زۆری هەیە. چونکە دەتوانن سودێکی زۆر لە سروشتی دیاردەکانی ئەم بابەتە ببینن، کە لەم توێژینەوەیەدا ڕوخسارەکانی ناسێندراون و تایبەتمەندییەکانی خراونەتەڕو. هەتا وەکو بتواندرێت گشت ڕەهەندەکانیتر، هەریەک بە جیا دەربارەیان لێکۆڵینەوە بکرێت. گرینگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لەوەی، وێڕای دابەشبونی کۆمەڵگەی ئێزدی بەسەر سێ چینی ئاینی (شێخ، پیر، و مورید)، کە قەوالەکان لە چینی موریدەکانن و ئەرکیان پاراستنی کۆی تێکستەکانی ئاینی و ڕۆڵی کارایان لە گشت مەراسیم و بۆنەکاندا هەیە. لەبەرئەوە هەردەم پێگە و ڕێزی تایبەتیان لەلایەن هەمو چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدیدا هەیە. هەروەها قەوالەکان ژەنینی ئامێرەکانی دەف و شەباب لە سرود و ڕێوڕەسمەکانی ئاینی لە ئەستۆدەگرن.

**کلیلی وشەکان**: ئێزدی، چینایەتیی کۆمەڵگە، قەوال، دەف و شەباب، شێخ ئادیٚ.

# Exploring the Position and Function of Music in the Social Structure of Yezidi Society

Hangaw Anwar Mohammed[1] - Naser Hashim Badan[2] - Nariman Abdullah Khoshnaw[3]

[1] Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2] Department of Music, College of Fine Arts, University of Basra, Basra, Iraq.
[3] Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research employs a descriptive analysis to delve into the intricacies of the social structure of Yezidi society, focusing on the pivotal role that music plays across various social strata. The cast divisions within the Yezidi community manifest in every facet of their culture, with music occupying a particularly significant place due to its profound role in their faith. The interplay between taboo and holiness within the Yezidi community has uniquely shaped their musical expression, resulting in a distinct creative contrast, especially evident during religious festivals and events. This contrast enhances the contemplation of divinity within Yezidi society.

The primary objective of this study is to discern the positioning of music within the religious cast hierarchy of Yezidi society and elucidate its role in fostering social cohesion among different casts. This research is of particular relevance to scholars in sociology of music and ethnomusicology, offering substantial insights into the phenomena under examination. A comprehensive understanding of these dynamics facilitates a nuanced analysis of various dimensions. Key findings highlight the integral role of Qewals, who, as disciples, bear the responsibility of safeguarding sacred versus of their religion and actively participating in ceremonies across all segments of Yezidi society. Their performances with the def û Shebab (tambourine and flute) during religious ceremonies further underscore the ubiquity and significance of music in Yezidi culture.

**Keywords**: Yezidi (Êzidi), social caste, Qewal, def and shebab, Shekh Adi.

## ١- پێشەکی:

ئێزدییەکان وەک کەمینییەکی ئاینی کوردی، کە بە پلەی یەکەم زۆرینەیان نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن. نەریتێکی دەوڵەمەندیان بۆ بیروباوەڕی ئاینی و کلتورییان پاراستوە، کە بە قوڵی لەگەڵ موزیکەکەیاندا ئاوێتە بوە. لەنێو کۆمەڵگەی ئاینیی ئێزدیدا موزیک بەشێکی زیندو و کاریگەرە بۆ دەربڕین و گوزارشتی ئاینی و چینبەندیی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوە، ڕەنگدانەوە و هێزێکی کاریگەری ڕاگرتنی پێکهاتەی پلەبەندی چینایەتی ئاڵۆزی ئەم گروپە ئاینییە پێکدەهێنێت.

کرۆکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی چینایەتییە و لە سێ چینی شێخ و پیر و مورید پێکدێت. هەر چینێک ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا هەیە. لە هەمان کاتیشدا دەربڕین و گوزارشتی موزیکی جیاواز و تایبەتمەند. پێگەی ڕۆحی و ئاینی و دونیای ئەم چینانە بە دیار دەخات (Kreyenbroek, 1995: 74; Ackermann, 2006: 8)لێرەدا قەوالەکان، کە بە پارێزەری موزیکی ئاینی ئێزدی دادەنرێن. ڕۆڵی گرنگیان لە نێوەندگیریی ئەزمونی ئاینی و پاراستنی هاوسەنگیی چینایەتی لە ڕێگەی هونەرەکەیاندا هەیە(Omarkhali, 2016: 126).

موزیکی ئێزدی بە قوڵایی لیریکی و مێلۆدییە ئاڵۆزەکانی تایبەتمەندە، هەمیشە بە شێوەی زارەکی دەگوازرێتەوە. هەر بەم شێوەیەش پیرۆزی و فێرکارییەکانی باوەڕ لە نەوە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازێتەوە. پێکهاتەکەی لە سرودە پیرۆزەکانەوە دەستپێدەکات، کە بە 'قەولەکان' ناسراون، هەتا دەگاتە 'خەم'ی ماتەمینی، کە خەم و خەباتە مێژوییەکانی کۆمەڵگەیە و ململانێ بەردەوامەکانی دەگێڕنەوە (Spät, 2018: 19). سەرەڕای نەبونی نوسینی فۆرماڵی موزیکی – بەنۆتەکردن- لەناو نەریتی ئێزدیدا، ڕۆڵی موزیک لە ژیانی ڕۆژانە و سرود و ڕێوڕەسمەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە. ئەمەش دەروازەیەک دابیندەکات، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت وردەکارییەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئێزدییەکان دەستنیشانبکرێت(Allison, 2001: 32).

شێخ و پیرەکان ئەنجامدان و پاراستنی سرود و ڕێوڕەسمی ئاینییان پێ سپێردراوە، کە کۆمەڵێک دەربڕینی موزیکی تایبەت بە ڕۆڵیان لەخۆدەگرێت. جیاوازیی سیستەمی چینایەتیی ئێزدی لە جیاکردنەوەی مەعریفە و پراکتیزەکردنی موزیکیدا زیاتر نمونەی بۆ دێتەوە؛ سرود و دوعای تایبەت تەنیا بۆ هەندێک چین دیاریکراون، بەمەش پلەبەندییەکە بەهێزتر دەبن (Asatrian, 2014: 51).

پێکهاتەی چینایەتیی ئێزدی تەنیا دابەشبونێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بنیاتێکی تیۆلۆژییە، ڕەنگدانەوەی کۆزمۆلۆژیای باوەڕی ئێزدییە، کە تێیدا (ئیلاهی) یەزدان لە نەزمی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە. قەوالەکان هەرچەندە چینێکی جیاواز نین، بەڵام پێگەیەکی ناوازەیان هەیە، لەکاتێکدا لە نێوان ناوچەکانی ئێزدینیشین گەشت دەکەن و فێرکارییە ئاینییەکان و موزیک بڵاودەکەنەوە. نەریتی موزیکی ئێزدی، بەتایبەتی ڕۆڵی قەوالەکان، ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی مەعریفەی ڕازی (باطني) دەکات، کە پەیکەری کۆمەڵایەتی دەپارێزێت و پاڵپشتی لە پێکهاتەی پلەبەندی هەرەمی کۆمەڵگە دەکات (Kizilhan, 2017:10).

پلەبەندی کۆمەڵایەتی ئێزدییەکان لە پلە ئاینییەکان تێدەپەڕێت و ڕۆڵی جۆراوجۆری دونیایی لەخۆدەگرێت. لێرەدا موزیک توخمێکی سەرەکییە لەناو سرود و ڕێوڕەسم و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ ئێزدییەکان پێگەی موزیک زیاترە لە چێژێکی ستاتیکی؛ بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی و تاک بە خودا و کۆمەڵگە بە گەردونەوە دەبەستێتەوە. کەسانی ئاسایی، یان موریدەکان کە زۆرینەی دانیشتوانی ئێزدی پێکدەهێنن، بەشێوەیەکی جیاواز لە شێخ و پیرەکان خەریکی موزیک دەبن. زۆرجار موزیکەکەیان لە کۆنتێکستی کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردندا ڕوودەدات. وەک لە کاتی کارکردن، ئاهەنگەکان و ماتەمینیی کۆمەڵایەتیدا(Omarkhali, 2010: 128).

ئەو شڵەژان و دۆخە ناهەموارە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگەی ئێزدی توشی بون، بەتایبەتی دوای هێرشە جینۆسایدییەکانی (کۆمەڵکوژییەکەی) داعش، بوە هۆکاری ئەوەی سەرلەنوێ ڕۆڵی موزیک لە بەردەوامبونی ناسنامەی ئاینی ئێزدیدا گرنگی زیاتری پێبدرێت. هەروەک چۆن لە ناو مێژویاندا، لە کۆمەڵکوژییەکانیتریشدا هەمان ئەو ڕۆڵەی بینیوە. موزیک بۆ خۆڕاگری و دڵنەوایی و هەستکردن بە بەردەوامی لە نێوان ئاوارەیی و پەرتەوازەییدا، هەمیشە ئامرازێکی چارەنوسساز بوە. هەروەها وەک هاوارێکی کۆکردنەوە

بۆ دۆزی ئێزدییەکان کاریکردوە، هەر بۆیە تۆمارکردن و پێشکەشکردنی موزیکی ئێزدی زۆرجار سەرنجی نێودەوڵەتیی بەدەستهێناوە و بوەتە دەنگێک بۆ دۆخی نالەباری کۆمەڵگەکەیان (Maisel, 2018:108).

لە پەیکەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێزدیدا، موزیک پلەبەندیی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا دیار و بەهێز دەکات. هەم وەک ڕەنگدانەوە و هەم وەک ئامرازێک بۆ گوزارشت و خستنەڕوی پێکهاتەی چینایەتی. پەیوەندیی نێوان موزیک و پلەبەندی کۆمەڵایەتی لە کلتوری ئێزدیدا گرنگیی تایبەتیی هەیە. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی مێژوی ئەم کۆمەڵگەیە و چەوساندنەوەیان و پشتبەستنی بە نەریتی زارەکی، بۆ پاراستنی ناسنامەی کلتوریان.

## ١-١ کێشەی توێژینەوە:

موزیک وەک کایەیەکی گرنگ لە پێکهاتەی کلتوری و کۆمەڵایەتی ئێزدی، هەمیشە لە ناو لێکۆڵینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆمیوزیکۆلۆژیدا بەشێکی گرنگیی داگیرکردوە. لەسەردەمی ئێستاش، لایەنەکانی کلتوری لەژێر کاریگەری کارلێکەری ناوەخۆ و دەرەکی و کارپێکەر لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدایە. موزیکی ئاینیی ئێزدی بەهۆی پێگەی پیرۆزی ئاینییەوە بەردەوام لەگەڵ دو ئاڕاستە لە ڕوبەڕوبونەوەدایە. یەکەمیان هەوڵدان بۆ پاراستنی کەلەپوری شوناسی موزیکی ئاینی لە کاریگەری کلتورە جیاجیاکانی دەوروبەر. دوەمیان پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە ڕێگەی موزیکەوە. ئەوەش وەک هێزێکی ڕۆحیی پیرۆز لەبەرامبەر هەمو ئەو چەوساندنەوانە و کۆمەڵکوژییانەی بۆ سڕینەوەیان بەرامبەریان دەکرێت. لێرەدا توێژەر دەپرسێ ئایا چۆن موزیک توانیویەتی ڕێڕەوێک بێت بۆ پاراستنی پێکهاتەی چینایەتیی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی. وەک دەربڕی ڕۆحی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و لە هەمانکاتیشدا لە پاراستنی شوناسی کلتوری و میراتی هاوبەش ڕۆڵی خۆیدەگێڕێ؟

## ٢-١ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسین و دیاریکردنی پێگەی موزیک لە پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدیدا و ئاشکراکردنی ڕۆڵی ئەم هونەرەیە لە پەیوەندیی نێوان چینەکانیدا.

## ٣-١ سنوری توێژینەوە:

١-٣-١ سنوری کاتیی: پەیوەستە بە یاوەریکردنی موزیک لە ئەنجامدانی بەردەوامی سرودە ئاینییەکان، بەتایبەت لە بۆنەکانی فەرمی و مەڕاسیمە جۆراوجۆرەکاند، لەنێوان ساڵانی ٢٠٢٠ هەتا وەکو ٢٠٢٣.

## ٢-٣-١ سنوری شوێن:

شوێنی پیرۆز و ناوچەرگەی ڕوداوە ئاینییەکان، کە تیایدا ( شێخ - پیر- پیاوانیتری ئاینی) ڕۆڵی کارایان لە برەودان بەو بابەتەوە هەیە و بەبەردەوامی لەوێوە نیشتەجێن.

## ٣-٣-١ سنوری بابەتی:

دیاریکردنی ڕۆڵی موزیک بەشێوەیەک، بتوانێ پێگەی چەسپاوی ئەو موزیکە بە هەردو دیوەکەی پیرفۆڕمەنسی دەنگیی و ئامێری لەنێو پێکهاتەی سەرەکی چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی بەڕونی دیارییبکات.

## ٤-١ گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- کارلێکی نێوان موزیک و پلەبەندی کۆمەڵایەتی فراوانتری ئێزدییەکان شیدەکاتەوە، هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی کارلێکی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەگەڵ موزیکدا دەکات.

٢- ناسینی پێگەی موزیک، کە لە پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی هاودەنگیی کۆمەڵایەتی بەشدارە. بەتایبەتی لە بەرامبەر ئاستەنگی سڕینەوەی کلتوری و کۆمەڵایەتیدا.

٣- ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژەرانی هەردو بواری سۆسیۆلۆژی و ئەتنۆمویکۆلۆژی و موزیک بەگشتی گرنگیی زۆری هەیە، چونکە دەتوانن سودێکی زۆر لە سروشتی دیاردەکانی ئەم بابەتە ببینن، کە لەم توێژینەوەیەدا ڕوخسارەکانی ناسێندراون و تایبەتمەندییەکانی خراونەتەڕو.

## ٢- باری چینایەتیی کۆمەڵایەتی

پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان لەسەر سیستەمێکی ئاینی دامەزراوە و پێکهاتەی چینەکانیش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا ناکرێ و نەگۆڕە و کەس ناتوانێ لە چینێکەوە بچێتە چینێکیتر. ژنهێنان و فێرکردن لە نێوان چینەکاندا قەدەغەیە، بۆیە سیستەمی چینایەتیی ئێزدییەکان میراتییە.

کۆمەڵگەی ئێزدی بەسەر سێ چینی ئاینی دابەشبوە، ئەوانیش (شێخ، پیر، و مورید)ن، لە هەمان کاتدا لەنێو ئەم چینانەدا، چەندین پلەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینی هەن، کە دواتر هەریەکێکیان لە چوارچێوەی چینی خۆیدا باسیان دەکەین.

کاتێك بەراوردی سەرچاوەکان لەبارەی دابەشکاری باری چینایەتی کۆمەڵگای ئێزدی دەکەین، دو ئاراستە بەدیاردەکەون، یەکەمیان، ئەوانەن کە کۆنن و بەهۆی داخراویی کۆمەڵگەی ئێزدی توشی چەندین هەڵەی زەق بونەتەوە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە و پلە و ئەرکی ئاینییدا. دوەمیان، ئەوانەن کە لەم بیست ساڵەی دواییدا توێژەرانی ئێزدی خۆیان نوسیویانە و هەر ئەوانیش ڕاستن. لەم بارەیەوە توێژەریش لە گەڕانە مەیدانییەکانیدا هەندێک جار لەسەر شێوازی دابەشکاریی چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی گومانی لەلا دروستدەبو. بەهۆی هەندێک ڕێسا و یاسای ئاینی و کۆمەڵایەتیی خەڵکانێك کە هەندێک ئەرکی ئاینی بەڕێوە دەبەن. لەنێو ئەوانیشدا هەندێک مەرج و ڕێسا و یاسای کۆمەڵایەتیی ئاینی هەن، کە لە هەمان مەرج و ڕێسا و یاسای چینە سەرەکییەکان زۆر نزیکە.

لەمبارەیەوە هەندێک سەرچاوە فەقیر و قەوال-ی وەك چینی کۆمەڵگە هەژمارکردوە. کەچی ئەوانە بە کاروباری (ئاینی) پەیوەستن، تەنانەت ئاماژەیان بە چینی (مورید) نەکردوە (خضباك، ١٩٧٢:٤٨٩). هەروەها ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانەی بە ناوچەکەدا گوزەریان کردوە و لەسەر ئێزدییەکانیان نوسیوە، توشی هەمان هەڵە هاتون. چینەکانی ئاینی کۆمەڵگەی ئێزدییان بەسەر پێنج چین دابەشکردوە (پیر، شێخ، قەوال، فەقیر و کوچك). هەندێکیتریان بەسەر چوار چین (شێخ، پیر، قەوال و فەقیر)، کەچی هیچ ئاماژەیەك بە چینی مورید نەکراوە، کە چینە گشتییەکەی کۆمەڵگەی ئێزدین (محو، ٢٠٠٩: ٩٩-١٠٠). بەشێك لە توێژەرانی کوردیش هەمان هەڵەیان دوبارەکردۆتەوە و چینەکانی کۆمەڵگە و پلە و ئەرکی ئاینیان تێکەڵ کردوە[١]. کە بە ڕای توێژەر دوبارەبونەوەی ئەم هەڵانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. توێژەرانی کوردیش وەکو سەرچاوە، گەڕاونەتەوە بە پشتبەستن بۆ نوسینی عەرەبەکان، لەمبارەیەوە، ئەگەر نمونەی نەجم ئەڵوەنی[٢] وەربگرین و لیستی سەرچاوەکانی پاڵپشت کە بۆ نوسینی باری چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی سودی لێوەرگرتوە دەستنیشان بکەین، سەرچاوەی عەرەبین و هەڵە بەدوای هەڵە لە یەکتریان وەرگرتوە و بەدواداچونی زیاتریان بۆ ئەم مەبەستە نەکردوە.

ئەم دابەشکارییەی چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی بۆ سەردەمی شێخ ئادێ دەگەڕێتەوە، هەر ئەویش دایناوە (باقسری، ١٩٩٩: ١٣)، هەرچەندە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم پلە و پایانە لە (مەسحەفی ڕەش) ئاماژەی بۆ کراوە، لەلایەن خواوە دابەشکراوە و لە ئاسمانەوە بڕیاریان لەسەر دراوە (ئەڵوەنی، ١٩٩٩: ٤٣). بەڵام ئەگەر خوێندنەوە بۆ هەردو تێکستی (جیلوە) و (مەسحەفی ڕەش) بکرێت، دەبینین بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە دابەشکاریی چینەکانی ئاینی تیایاندا نەکراوە[٣]. ئەم تێکستانەی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) کە بە چەندین شێوازی جیاواز خراوەتەڕو، بەدەرن لەم باسانە. بەڵام توێژەرانیتر بۆ هەر لێکدانەوەیەك بۆ دڵنیا بون لەهەر لایەنێك. بۆ قەول و تێکستە زارەکییە ئاینییەکان دەگەڕێنەوە، کە لەلایەن پیاوانی ئاینی و قەوالەکان هەن. چونکە

ئەوانن کە پێناسی تەواوی ئێزدییەکانیان لایە و لە ئێستادا لەبەردەستن. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەمان شێواز (خلو، ٢٠١٢: ١٣) بەکاردەهێنێ، هەروەك لە (قەولێ مەرسوما جەبێرە)[٤] ئاماژە بەوە کراوە، کە دەڵێ:

شێخ و پیر و مورید و حەد و سەدە،


هەر ئێك ژ وان هەنە حەرفێت وان ب خەتە

زەواج دناڤ واندا حەرامە و دیانەتێت دی ژی ب سەردە

لە دوای هاتنی شێخ ئادی لە شامەوە بۆ لالش، بینی باوەڕی ئێزدیاتی خەریکە لەناودەچێ، لە ئەنجامی ئەو هەمو چەوساندنەوانەی لەلایەن دراوسێکانیان بەرامبەر ئێزدییەکان دەکرا. بۆیە لە هەوڵەکانی بۆ دوبارە ژیانەوەی ئەم ئاینە بەگەڕەدخا و توانی تیایدا سەرکەوتوبێت. یەکێکیش لەو لایەنانەی لە ناو ڕیفۆرمەکانیدا زیادی کرد، چینی شێخ بو، هاوشان لەگەڵ چینی پیر، کە پێش هاتنی شێخ ئادی بۆ لالش ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکرد. بەم شێوەیە هەردو چینی شێخ و پیر لەلایەن شێخ ئادی ئەرکی ئاینیی دیاریکراویان پێ سپێردرا (باقسری، ١٩٩٩: ١٣).

کۆمەڵگەی ئێزدی بە شێوەیەکی نەریتی بەسەر سێ چینی سەرەکی بۆماوەیی دابەش بوە، کە بریتین لە (مورید، شێخ، و پیر). ئەم پێکهاتە سێ قۆڵییە ڕەنگدانەوەی نەزمی کۆمەڵایەتیی کۆنی کۆمەڵگەیە، کە تێیدا ڕۆڵی ئاینی و دونیایی ئاوێتەی یەکتر بونە و هەر چینێک بەرپرسیارێتی و ئیمتیازاتی تایبەتیان هەیە. شێخەکان ئەو کەسایەتییە ئاینییانەن، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵگە دەکەن و پیرەکان وەک ڕێبەرێکی ڕۆحی بۆ موریدەکان، کە خەڵکی ئاسایی و زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن خزمەتدەکەن. سروشتی هاوسەرگیری لەناو هەمان کاستدا پیرۆزی و پاکی ڕەچەڵەکی ئاینی دەپارێزێت، کە ئەمەش لە باوەڕی ئێزدیدا زۆر گرنگە (Guest, 1993: 362) . هەروەها هەر ئێزدییەك لەهەر چینێکی کۆمەڵگە بێت دەبێ پیرێك و شێخێك و مربی و هوستان و برایێ ئاخرەتێ[٥] هەبێ (خلو، ٢٠١٢: ١٢).

چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی




## ٢-١ شێخ:

شێخ وەکو چینێکی کۆمەڵگەی ئاینی ئێزدی ئەوانەن، کە کاروباری ئاینی لەئەستۆدەگرن. بە چینێکی پلە بڵند دادەنرێن و پێویستە هەر ئێزدییەك شێخێکی خۆی هەبێت.

هەندێک توێژەر وای بۆ دەچن، کە ئەوکاتەی شێخ ئادیێ (1072 - 1162)ز لە شامەوە هاتۆتە هەکاری (هەندێک توێژەریتر دەڵێن لە لالش)، ئەو چینەی لە پیرەکان دروستکرد، کە چینێکی کۆنترە و لە پێشتردا هەبون(خانکی، ٢٠١٦: ٣٨; باقسری، ١٩٩٩: ١٣).

شیخ ڕێنیشاندەری ئاینییە و ئامۆژگاری دەکات بۆ پەیوەست بون بە ڕێنماییە ئاینییەکان و چاودێری کردنیان، پەیوەندیی شێخ و چینەکانیتر پەیوەندییەکی توندوتۆڵە و تامردن بەردەوامە(سمو، ٢٠٠١: ٢١٧). شێخەکان لەنێو خۆیاندا دەبنە سێ بەش:

### ٢-١-١ ئادانی:

بە ئادانی ناسراون، بەو پێیەی لە ڕەچەڵەك و بنەماڵەی (شێخادیێ)ن و لە کۆمەڵێك بنەماڵە پێکهاتون(باقسری، ٢٠٠٣: ٨١)، کە بریتیین لە بنەماڵەکانی: شێخ حەسەن، شێخ شەرەفەدین، شێخ زێنەدین، شیخ براهیمێ خەتمی، شێخ موسێ سۆر و شێخی ئێتیمان (خانکی، ٢٠١٦: ٣٨ ). شایانی باسە لە سەردەمی شێخ حەسەن کوڕی شێخ ئادی دوەمی کوردی لە ساڵی 591 کۆچی

لەدایکبوە و لە ساڵی 644 کۆچی لەسەر دەستی بەدرەدینی لوئلوء والیی موسڵ کوژراوە و لەژێر قەڵاکەیدا نێژراوە. ناکۆکی لەسەر هەندێک لایەنی عەقیدەیی (باوەڕباون) لە نێوان ئادانییەکان و شەمسانییەکان دروست بو، کە دواتر زیاتر تیشکی دەخرێتە سەر(باقسری، ١٩٩٩: ١٤).

## ٢-١-٢ شەمسانی:

لە نەوەکانی شێخ شەمس کوری ئێزدینە میر پێکهاتون، لە تێکستە ئاینییەکاندا بە (تەورێزی) ناوی هاتوە، چونکە ڕەچەڵەکیان بۆ شاری تەبرێزی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە (باقسری، ٢٠٠٣: ٨٣)، پێش هاتنی شێخادیّ بۆ لالش، ئێزدینە ئەمیر باوکی شێخ شەمس، سەرۆك و میری ئێزدییەکان بوە لە لالش و (کانیا سپی) شوێنی نیشتەجێ بونی بوە و لە بنەڕەتدا لە چینی پیر بوە(باقسری، ١٩٩٩: ١٤-١٥).

شێخ شەمس بە ڕزگارکەری ئاینی ئێزدی دادەنرێ، لەوکاتەی کەوتبونە نێوکێشە و چەقبەستویی عەقیدەیی، ئەوکاتەی لە سەردەمی شێخ حەسەن ناکۆکی لە نێوان ئادانییەکان و شەمسانییەکان سەریهەڵداوە، لەوکاتەدا شێخ شەمس بۆتە هێمای عەقیدەی ڕەسەنی ئێزدییەکان. شەمسانی لەم بنەماڵانە پێکدێن: (شێخ شەمس، شێخ فەخرەدین، شێخ سجادین، شێخ ناسردین، شێخ بابادین، شێخ ئامادین، شێخ بابەك، خاتونا فەخرا، شێخ تەوەکەل، شێخ عەڤدال و شێخ ئالی شەمسا... هتد(باقسری، ١٩٩٩: ١٤-١٥).

## ٣-١-٢ تاقانی:

بۆ زنجیرەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی دەروێش ئادەم قاتانی دەگەڕێتەوە(باقسری، ٢٠٠٣: ٨٤) و لەو بنەماڵانە پێکدێن: (شێخو بەکرێ فەقیر، شێخ مەهمەدێ باتنی، شێخ سمائیلێ عەنزەلی و شێخ عەبدولقادر (خانکی، ٢٠١٦: ٣٨)، شێخ مەهمەدێ باتنی، کە لە هەندێک سەرچاوەدا بە میر محەمەدی کوردی ئەربیلی ناوی هاتوە، لە نەوەی (میر ئیبراهیم خۆرستانی کوڕی دەروێش ئادەم)ە، خێزانی پسمیر، کە بە مانای نەوەکانی میر دێت و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوان شەمسانی و ئادانی بو بە میری ئێزدیان(باقسری، ٢٠٠٣: ٨٤).

لەم ناکۆکییەدا قاتانییەکان نەبونە لایەنێکی ناکۆکی، بەڵام لایەنگیریی شەمسانییەکان بون لە دژی ئادانییەکان، ئیتر لەم سەردەمەوە هەتا ئێستا میرایەتی لە ئادانییەوە بۆ قاتانییەکان گواسترایەوە (بدر، ٢٠١٨: ٢٧٣).

هەروەها لە کەسایەتییە ئاینییە دیارەکان لەنێو قاتانییەکان شێخو بەکر هەیە، کە خاوەنی (خەرقە)ی ئاینییە کە (فەقیر)ەکان لەبەری دەکەن.

شایەنی باسە دوای ئەو ناکۆکیانەی نێوان شەمسانی و ئادانی، ژن و ژنخوازی لە نێوان هەرسێ لایەنی شێخەکانی قاتانی و ئادانی و شەمسانی حەرام کراوە.

## ٢-٢ دوەم: پیر

هەروەها (ڕێبەری ئاینی) یان پێدەگوترێ(البناء، ١٩٦٤: ٨٨)، واتە شێخی تەریقەت یان پیری تەریقەت و ڕێنیشاندەری ئاینی یان پەروەردکار. لەنێو ئێزدییەکاندا کۆنترین چینی ئاینیین و پێش هاتنی شێخ ئادیّ بۆ لالشیش هەر هەبون، لەڕوی پێگەی ئاینی لەگەڵ چینی شێخ لە هەمان ئاستدان (باقسری، ٢٠٠٣: ٨٤; خانکی، ٢٠١٦: ٣٨; الديوەجی، ٢٠٠٣: ١٨٠)، هەروەها لەو باوەڕەن، کە توانای چارەسەری نەخۆشییەکانی ئەقڵیان هەیە (یزدین، ٢٠٢١: ١٦٤). پیر بەسەر چل بنەماڵە دابەش دەبن:

هەسن مەمان، مەهمەد ڕەشان، جەروان، هاجیال، مەمێ شڤان، ئێسیبیا، ئافات، هەسنالکا، دەلی (دەلی خان)، حەجی مەهمەد، چاك، ئالو بەکر، ئۆمەر خالە، مەهمەدێ ڕەبەن، داود، مەند، قەچەڕی، قەلەندەر، مەروان، بازید، بوب (بوك)، خۆشاڤا،

لبنا، بەیبون، ئاخا، ئێزد، حەجی عەلی، خەتی پسی، هەمالی، مەحمود، بۆز، موس، دربێس، (بال) بوال، هەمەدێ بابێ، حەسەن، ڕەشێ حەیران، مەیسور، شالیار و مەنسور.

پیر هەسن مەمان، پیرێ چل پیرایە و بەرزترین پلەیە لەنێو بنەماڵەی پیرەکان و هەر بۆیە ژن و ژنخوازی لە نێوان بنەماڵەی پیر هەسن مەمان و هەمو پیرەکانیتردا حەرامە، جگە لە بنەماڵەی پیر هەسنالکا، ئەویش بەهۆی ئەوەی وەك یەك خێزان هەژمار دەکرێن (خانکی، ٢٠١٦: ٣٧; باقسری، ٢٠٠٣: ٨٤-٨٥;  ظاظا، ٢٠١٩: ٨٠; یزدین، ٢٠٢١: ١٦٣-١٦٤; سەرگەلی، ٢٠٢١: ٩).

٢-٣ سێیەم: مورید

بە هەمو بڕواداراني ئاینی ئێزدی دەوترێت، سەر بە هیچ یەکێك لە چینەکانی شێخ و پیر نین و زۆرینەی پەیڕەوانی ئەم ئاینە پێکدێنن و ئەرکە ئاینییەکان ئەنجام دەدەن(ئەڵوەنی، ١٩٩٩: ٤٣; خانکی، ٢٠١٦: ٣٧; ظاظا، ٢٠١٩: ٨١). هەر تاکێکی ئێزدی شێخێك و پیرێك و پەروەردکارێك (مربی)ی هەیە، کە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەری، بڕە پارەیەك بەپێی توانای ماددی خێزانەکەی پێی دەدەن. ئەوکاتەی بۆ ڕێنمایی ئاینی سەردانی ماڵەکەی دەکات، ئەمەش ساڵانە یەکجار ڕودەدات. هەروەها هەر ئێزدیەك (برایێ ئاخرەتی) هەیە، کە یان شێخە یان پیرە (باقسری، ٢٠٠٣: ٨٣).

## ٣- پیاوانی ئاینی:

هەروەك چۆن چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان لەڕوی ئەرك و مافەوە دابەشکراون و پەیوەستن بە ڕێسا و یاسای توندی ئاینییان. بە هەمان شێوەش پیاوانی ئاینییان لە ڕوی ئەرك و ماف و پێگەوە دیاریکراون، کە کۆمەڵگەی ئێزدی لەڕوی دینی و دونیاییەوە بەڕێوە دەبەن. هەر کۆمەڵێک لە پیاوانی ئاینی، بەپێی ئەرک و پێگەیان لە جڤاتێک (جوقەت) کۆبونەتەوە. یەکێکیان گەورەترین پێگەی هەیە و سەرۆکایەتییان دەکات و هەر ئەوانەش ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزدی پێکدێنن، کە بڕیارەکانی پەیوەست بە ئێزدییەکانی لێئەدەن، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### ١-٣ یەکەم: میر

لە بنەماڵەی پسمیرە، ڕەچەڵەکیان بۆ قاتانییەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ نەوەی (شێخ محەمەد)، کە لە نەوەکانی ئیبراهیم خورستانی کوڕی دەروێش ئادەم قاتانییە. پلەی میر بۆماوەییە، تەنیا لەو بنەماڵەیە هەڵدەبژێردرێ، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، پێش هاتنی شێخ ئادێ، میرایەتی لای شەمسانییەکان بوە. دواتر کەوتە دەست ئادانییەکان. لە سەردەمی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ ئادێ بەهۆی ناکۆکیی ئاینیی نێوان ئادانی و شەمسانی، ئەم پلەیە کەوتە لای قاتانییەکان(باقسری، ٢٠٠٣: ٨٦). میر دەسەڵاتی دینی و دونیایی تەواوی هەیە و سەرۆك و ڕێبەری ئێزدییەکانە. بەرزترین دەسەڵاتە و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆحانیشە (سمو، ٢٠٠١: ٢١٢; باقسری، ٢٠٠٣: ٨٦). قسەکانی ڕەتناکرێنەوە و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕەهایە و گوێڕایەڵی بۆ میر ئەرکە (الديوەجي، ٢٠٠٣: ١٧٥). ئەرکەکانی میریش بریتییە لە:

1. پارێزگاریکردن لە ئێزدییەکان و سەرکردایەتیکردن و نوێنەرایەتیکردنیان لە لایەنە فەرمییەکان.
2. ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی شوێنە پیرۆزەکانی لالش، گەرەنتیکردنی تاوس یان سنجق و مەزارگە پیرۆزەکان و ئەو خێر و بێرەی بۆ لالش دێت.
3. یارمەتیدانی کەمدەرامەت و ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە.
4. چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان ئێزدییەکان ڕودەدەن(باقسری، ٢٠٠٣: ٨٧).

### ٢-٣ دوەم: بابە شێخ (ئێختیارێ مەرگەهێ)[٦]

لە شێخی شەمسانییە، لە بنەماڵەی شێخ فەخری کوڕی ئێزدینە میر هەڵدەبژێردرێ و سەرۆکی ئاینی ئێزدییەکان و نمونەی باڵای شێخەکانە، لە هەمان کاتیش ڕاوێژکاری میرە بۆ کاروباری ئاینی، ئەرکە ئاینییەکانی بریتیین لە:

1. سەردانکردنی گوندەکانی ئێزدینشین بەشێوەیەکی ساڵانە، جارێك بۆ دوجار بە مەبەستی ڕێنوێنیکردن و هۆشیارکردنەوەیان لە بوارەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان.
2. ئاراستەکردنی ڕێنوێنی بۆ پیاوانی ئاینی لە ئەرکە ئاینییەکانیان.
3. ساڵانە بەڕۆژوبونی چلەی هاوین و چلەی زستان، واتا چل ڕۆژ لە زستان و چل ڕۆژ لە هاوین دەبێ بە ڕۆژو بێت.
4. سەردانیکردنی لالش لە جەژن و بۆنە ئاینییەکان و بەشداریکردن لە مەراسیمە ئاینییەکان(باقسری، ٢٠٠٣: ٨٧).

جلوبەرگی بابە شێخ بریتییە لە جلێکی سپی درێژ و قایشێك دەبەستێ، کە لە موی بزن دروست دەکرێ و پێی دەگوترێ (ڕستە). حەوت جار بە کەمەری دەسوڕێتەوە و کلاوێکی سپی دەخاتە سەر کە پێی دەگوترێ (کولك) و لە قوماشێکی سپی دەپێچرێتەوە کە پێی دەگوترێ (شاشك). شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و لەسەر فەرشێك دادەنیشێ کە لە شێوەی بەرماڵە، لەبەر پیرۆزییەکەی، جگە لە بابە شێخ، نابێ هیچ کەسیتر لەسەری دابنیشێ. ئێزدییەکان لە کاتی سەردانیکردنی، بەرماڵەکە و دەستی بابە شێخ ماچ دەکەن (الدیوەجی، ٢٠٠٣: ١٧٨; سمو، ٢٠٠١: ٢٠١٦)، بابە شێخ ئەندامی ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزدییەکانە.

### ٣-٣ سێیەم: پێشیمام

پێشیمامێ مەرگەهێ لە شێخانی ئادانییە و لە خێزانی (شێخ حەسن)ە و خاوەنی جەلوە و زانستی شرۆڤەکردنی جەلوەیە و ئەندامی ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزدییە (سەرگەلی، ٢٠٢١: ٩). بەڵام پێشیمامێ بابە شێخ، لە شێخانی شەمسانییە و لە بنەماڵەی شێخ شەرەفەدینە، لە دەستە و پێوەندی بابە شێخە و ناتوانێ لە نوێژی شەوی شەڤ بەرات[٧] بەشداری بکات، لەبەرئەوەی تایبەتە بە ئادانییەکان. لە سەردەمی شێخ حەسن ئەم پلە ئاینییە دانراوە، دوای شەوی (شەڤ بەرات) و جلوبەرگی نزیکە لە جلوبەرگی بابە شێخ.

یەکێك لە ئەرکە دیارەکانی پێشیمامی مەرگەهێ کە تەنیا ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەتوانن ئەنجامی بدەن. ئەویش هاوسەرگیرییە لە نێوان ئێزدییەکان و هیچ پیاوێکی ئاینیتر بۆی نییە ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنێت (خلو، ٢٠١٢: ٢٢).

### ٤-٣ چوارەم: شێخێ وەزیر

لە شێخانی شەمسانییە و لە بنەماڵەی شێشمسە، بەرپرسە لە مەزارگەی شێشمس لە پەرستگەی لالش.

### ٥-٣ پێنجەم: مەزنێ قەوالا - سەرۆکی قەواڵەکان

سەرۆك و ڕێبەری قەوالەکانە، دەبێ لە عەشیرەتی دوملی بێت، بەو پێیەی ئەوانە لەگەڵ شێخ ئادێ لە شامەوە هاتون. ئەم سەرۆکە قەوالەکان دەستنیشان دەکات، کە لەگەڵ تاوس گێڕان بەنێو گوند و شوێنەکانی ئێزدینیشین دەگەڕێن. هەروەها ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی باڵای ڕوحانیی ئێزدییەکانە و لە لالش کاروباری قەوالەکان بەڕێوە دەبات (سالم، ٢٠١٩: ٣٠).

### ٤- قەوال:

قەوال بە مانای پارێزەری پەیمان، خاوەنی پەیمان دێت، (قەول)یش بە مانای پەیمان، سۆز، قرار، سوێند، تۆبە دێت، هەروەها قەوالەکان گێڕەرەوەی دیرۆك و تێکستەکانی ئاینی و زیندوڕاگرانی داستان و مێژوی سەروەری ئێزدییەکانن. هەندێک لە سەرچاوەکان وشەی قەوال بۆ وشەی (قال)ەی بە عەرەبکراو دەگەڕێننەوە، کە لە وشەی (گال) یان (گالو) یان (کالۆ)ی سۆمەرییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بە هەمان مانا دێت. ئەویش ئەو پیاوە ئاینییەیە، کە لە سەردەمی سۆمەرییەکان ئەو ئەرکەیان هەبوە و تێکستە ئاینییەکانیان بەشێوەی تەراتیل گوتوە (باقسری، ٢٠٠٣: ٨٩; هاشم، ٢٠١٩: ٨٠). هەرچەندە ئەگەر تەماشای ئەرك و پێگەی پیاوانی ئاینی (گالا

gala -) لە سەردەمی سۆمەرییەکان بکەین. لێکچونی زۆر هەیە لەگەڵ پێگە و ئەرك و چینی کۆمەڵایەتیی قەوالەکان لە ئاینی ئێزدیدا. بەڵام جیاوازیی زیاتر لە (4500) ساڵ لە نێوان هەردولادا، پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر و هەمەلایەنەیتر هەیە، هەتا وەکو بتوانین لە حاڵەتی گریمانەیی دەرچین[٨]. هەروەها فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا (Encyclopaedia Britannica) ئاماژە بە وشەی قەوالی - (Qawwali) یان (Qavvali) دەکات، کە لە هیندستان و پاکستان. وەکو جۆرێکی موزیکی ئاینی وزەبەخشی سۆفیگەری ئاینی ئیسلامی دەیناسێنێ، کە ئامانجی گەیاندنی گوێگرانە بە (نشوة)ی ئاینیی بۆ یەکێتی ڕۆحی لەگەڵ خودادا. لێرەشدا ئاماژەی پێکراوە کە ناوەکەی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. لە ناویاندا سۆفیگەری پەیامی ئیلهامبەخش دەگەیێننە ئامادەبوان کە تەنیا لە پیاو پێکهاتون[٩].

لەمبارەیە توێژەر کەوتۆتە هەمان بیروڕاوە، کە وشەی قەوال لە وشەی (قول)ی عەرەبییەوە هاتوە. ئەویش بەهۆی نزیکیی شوێنی جوگرافیی ئێزدییەکانە لە ناوچەکانی نیشتەجێبونی نەتەوەی عەرەب لە موسڵ و کاتێکردنیان (کاریگەرییان) لەسەر یەکتر. هەروەها لە ناو ئەو ئێزدییانەی کە لە باشیک و بەحزانێ نیشتەجێن و بە زمانی عەرەبیی نزیک لە شێوەزاری خەڵکی حەلەب لە سوریا قسە دەکەن. قەوالەکان لەنێو چینی موریدەکاندا بە (تاژێ – تاژی) ناودەنێن. وشەی تاژێ یان، تاژی بە هەمو ئەوانە دەگوترێ کە ڕەچەلەکی عەرەب بێت و ڕێتێدەچێت سەرەتا بە عەشیرەتی (بەرگەعی) گوترابێت کە لە شامەوە لەگەڵ شێخ ئادیێ هاتبن (باقسری، ٢٠٠٣: ٨٩). زۆرینەی ڕەچەلەکی قەواڵەکانیش خەڵکی باشیك و بەحزانێن و هەر لەسەردەمی هاتنی شێخ ئادیێ-وە ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتوە (هاشم، ٢٠١٩: ٨٠). لە (قلاند الجواهر)ی (محمد بن يحيى التادفي)دا لەسەر باسی قەوالەکان لە سەردەمی (شێخ ئادیێ)دا هاتوە، کە شێخ عدی بن مسافر هەندێک قەوالی هەیە لە تەکییەکەی تەرتیلی ستایشەکانی دەکەن (عبود، ٢٠٠٦: ١١٢).

قەوالەکان ئەو چینە کۆمەڵایەتییەن کە لە پۆلێنی چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی لەگەڵ چینی (مورید) هەژماردەکرێن. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تایبەتمەندی و پێکهاتە و ئەرك و پێگە و شێوازی دابەشکاری چینایەتیی چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی. دەکرێ قەوالەکان وەك چینێکی جیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵەی ئێزدی سەیر بکەین. بەتایبەتی نابێ ژن و ژنخوازی لەگەڵ هیچ پێکهاتەیەکی چینیتر بکەن و تەنیا ئەو کەسەش بە قەوال هەژمار دەکرێ کە لە دایك و باوکێکی قەوال لەدایکبوبێت. بە تەنیا ئەویش دەتوانێ ئەرکی ئاینی خۆی وەك قەوال جێبەجێ بکات. بەشێوەیەکی گشتی قەوالەکان بۆیان نییە ڕیش و سمێڵیان بتاشن و کلاوێکی پیرۆز لەسەر دەکەن. ڕۆڵی گەورەی ئاینی و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا دەگێڕن و لەلایەن گشت چینەکانی کۆمەڵگە ڕێزی گەورەیان لێدەنرێت. لەبەرئەوەی وەکو خزمەتکاری شێخ ئادیێ سەیر دەکرێن و تەنیا ئەوان بۆیان هەیە دەف و شەباب بژەنن و میرات و کەلەپوری ئاینی ئێزدی بەگوێی کۆمەڵگەی ئێزدی بگەیەنن. قەوالەکان جگە لە مەراسیم و بۆنە ئاینییەکان، لە هیچ شوێنێکیتر، وەکو بۆنەی دونیایی موزیك ناژەنن و هەمیشە پیرۆزیی موزیکەکەیان دەپارێزن (حسن، ١٩٩٢: ٣٣٨).

ڕۆڵییان لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا شتێک نییە بتوانرێت بە کەم سەیر بکرێت، بۆیە زۆرجار وەک باڵیۆزی ڕۆشنبیری مامەڵە دەکەن. چونکە یادەوەری بەکۆمەڵ و مێژوی هاوبەشی ئێزدییەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە بڵاودەکرێتەوە. لێرەدا موزیک وەک هێزێکی یەکگرتو کاردەکات و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر فشارەکانی پەرشوبڵاوی و یەکگرتویی کلتوریدا دەپارێزێت (Maisel, 2018: 99). قەوالەکان لە بەستنەوەی چینەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی موزیکەکەیانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. وەک هەڵگری قەول و بەیتی پیرۆز. لە نێوان گروپە جۆراوجۆرەکانی ئێزدیدا گەشت دەکەن و فێرکارییە ئاینییەکانیان بڵاودەکەنەوە. بەم شێوەیە لە ڕێگەی نمایشەکانیانەوە سیستەمی کاستی کۆمەڵایەتی بەهێزتردەکەن. موزیکی قەوالەکان ڕەگ و ڕیشەی قوڵی لە ناسنامەی ئێزدیدا هەیە و نمایشەکانیان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن بۆ تێگەیاندنی مێژو و گەردووناسی کۆزمۆلۆژیاکەیان بە کۆمەڵگە (Omarkhali, 2016: 138).

لە ڕوی دابەشکاری چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا. قەوالەکان لە چوارچێوەی چینی مورید دانراون و بەهۆی ئەرکە ئاینییە پیرۆزەکەیان تایبەتمەندی جیاوازیی خۆی وەرگرتوە. بە شێوەیەك، بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان بە چینێکی

سەربەخۆ ئاماژەی بۆ دەكەن. موریدەكانیش بەسەر چەند عەشیرەتێك دابەش دەبن. جیاواز لە چینی شێخ و پیر، كە زیاتر بۆ ڕەگی بنەماڵەیی دەگەڕێتەوە. بە هەمان شێوە قەوالەكانیش وەكو موریدەكان بەسەر عەشیرەتەكاندا دابەش دەبن و لە ناو سێ عەشیرەتدا كۆدەبنەوە. ئەوانیش یەكەمیان دوملی، كە لەگەڵ شێخ ئادیێ هاتون، هەر بۆیەش باڵادەستی ئەوان زۆر دیارە لە بەڕێوەبردن و لەنێو قەوالەكاندا. دوەمیان عەشیرەتی هەكاری، كە بەپێی گێڕانەوەكان دوای چاكسازییە ئاینییەكانی شێخ حەسەن هاتون و بە ڕەچەڵەك خەڵكی هەكارین، هەر بۆیەش بەو ناوە ناونراون. سێیەمیان مامۆسی، كە بە پێی گێڕانەوەكان لەكاتی حوكمی عوسمانییەكان بەشێكی زۆری پیرۆزییەكانی ئەم ئاینە دزران، وەك سنجەق[١٠] و بەری شباكێ[١١]، یەكێك لە ئەندامانی عەشیرەتی مامۆسی توانی ئەو پیرۆزیانە بگەڕێنێتەوە و لە بەرامبەر ئەوەدا میری ئێزدیان پاداشتی كرد و كردییە قەوال (نەسر، ٢٠٢٣).

پێكهاتەی قەوالەكانیش لەنێو خۆیاندا بەسەر سێ چین دابەش دەبن:

٤-١ یەكەم: مەزنێ قەوالا

٤-٢ دوەم: ئەو قەوالانەی لە مەراسیم و بۆنە ئاینییەكان بەشدار دەبن.

لێرەدا ئەم بەشەیان بەپێی ئاستی شارەزایی و پلە فێربون و ئاستی ژەنینی دەف و شباب و لەبەركردنی قەولەكان دیاری دەكرێت:

1. قەوالی دەستپێكەر (صانع) یان، دروستكەر: بەو قەوالانە دەگوترێ، كە لە سەرەتای فێربونن بۆ لەبەركردنی قەولەكان و ژەنینی دەف یان، شەباب (سالم، ٢٠١٩: ٣٠).

دوای ئەوەی یەكلایی دەبێتەوە، كە ئایا دەف دەژنێ یان شەباب، ئینجا ئاستەكانی فێركاری دەستپێدەكا. ئەگەر دەف هەڵبژێرێ، ئەوا سەرەتا دەبێ قەسیدە لەبەر بكات، پاشان بەیتا ئێڤارێ و بەیتا سبێ، ئینجا قەولەكان. قەوالی دەستپێكەر یان، تازەكار دوای لەبەركردنی هەر قەولێك دەچێتەوە لای مامۆستاكەی و هەموی بەشێوەی ئەزبەر لە سەرەتا هەتا وەكو كۆتایی دەڵێتەوە. ئینجا مامۆستا داوای لێ دەكا، ئەمجارە قەولەكە لە كۆتاییەوە بۆ سەرەتا بڵێتەوە. واتا جارێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە و جارێكیتر لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئینجا دەبێتە (سەرختم) واتا تێكستەكەی بە تەواوی ئەزبەركردوە. قەوال هەتا وەكو قەولێك سەرختم نەكا، ناتوانێ بچێتە سەر قەول یان، سەبەقەیەكیتر. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ فێربونی شەباب لە فێربونی دەف ئاسانترە، لەبەرئەوەی ژەنیاری دەف دەبێت لەگەڵ ژەنینی دەف و (كوبری)[١٢] قەولەكانیش لەبەر بكات(نەسر، ٢٠٢٣).

2. ئۆستا یان (سەرهۆستا): ئەو قەوالانەن كە ئاواز (كوبری) و موزیكی ئاینی زۆر بە باشی دەزانن بژەنن و قەلەكانیان بە تەواوی لەبەرە. هەروەها وەک سەرۆكی گروپی قەوالەكان هەژمار دەكرێن. لە هەمان كاتدا دەتوانن دەف و شەباب بژەنن و ڕۆڵی ڕابەر بگێڕن. لەكاتی ژەنین و گوتنی قەولەكان ناهێڵن كەس لە ڕۆڵی خۆی دەربچێت. شوێنی دانیشتنیان لە كاتی تاوس گێڕان، لە دەستە چەپی تاوس مەلەک (سنجەق) دائەنرێن. پێویستە ئۆستا ماوەی ١٠ هەتا ١٥ ساڵ پیادەی كاری خۆی كردبێ و لەگەڵ قەوالەكان دەربچێت. قەولەكانی باش لەبەر بێ و مەراسیمی ئەركە ئاینییەكانی بە تەواوی جێبەجێ بكات، ئینجا دەتوانێ بگات بە پلەی سنجەق بەگی(نەسر، ٢٠٢٣).

3. سنجەق بەگی لە پلەی باڵای قەوالەكانە و لە خوار پلەی مەزنێ قەوالانە و لەنێو مەجلیس و دانیشتنەكاندا زۆرترین قسە دەكات. ئەم پلەیە هەمو قەوالێك دەتوانێ پێی بگات، ئینجا لە عەشیرەتی دوملی، هەكاری یان ماموسی بێت (نەسر، ٢٠٢٣). لە كاتی تاوس گێڕان، كاتێک سەردانی گوند و ناوچەكانی ئێزدینشین دەكەن، سنجەق بەگی بەرپرسیاریەتی كۆی گروپی قەوالەكانی لە ئەستۆدایە(نەسر، ٢٠٢٣).

٤-٣ سێیەم: قەوالی گشتی، هەمو قەوالەكانیتر دەگرێتەوە. وەک هاوسەر و منداڵی قەوالەكان، كە لە چینی قەوال هەژمار دەكرێن بە هەمو ڕەگەز و تەمەنەكان. ئەوانە كاری قەوالی ژەنین و قەول گوتن ناكەن و كاری ئەوان خاوێنكردنەوەی پەرستگەی لالشە، دوای كۆتایی هاتنی هەر ڕێوڕەسمێك و جەژنێك لە نێویشیاندا جەژنی جەما (سالم، ٢٠١٩: ٣١).

فێربونی ژەنینی دەف و شەباب و فێربونی کوبرییەکان و لەبەرکردنی قەولەکان و سەرختمکردنیان. هەمیشە بە ڕێگەی زارەکی و فێرکاری باوك بۆ منداڵ، ئینجا دواتر نەوە بۆ دوای نەوەکانیتر هاتوە. بەشێکی ئەم کارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەتا وەکو نهێنی و ڕێسا و یاسای ئاینەکەیان نەکەوێتە بەردەست دوژمن، کە لە مێژوی خۆیاندا چەندین فەرمانی[١٣] کۆمەڵکوژیان بەسەردا جێبەجێ کردون. لە پاڵ ئەوانەشدا وەک بەهانە، هەمیشە تۆمەتی نارەوا کراوەتە سەریان بۆ هۆکاری کۆمەڵکوژییەکانیان. لەبەر ئەوە هەتا ئەم دواییانە خۆیان لە نوسینەوەی تێکستە ئاینییەکانیان بەدورگرتوە. هەر بۆیە بە ڕێگەی قەولی سەرسینگ (عیلمی سەدەر) کەلەپوری ئاینی خۆیان بۆ نەوەکانی دواتر گواستۆتەوە.

گواستنەوەی زارەکیی موزیک لە کلتوری ئێزدیدا، بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵی ناوەندیی ئەو موزیکە لە پاراستنی نەریت و بەهێزکردنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش ڕێگە بە نەریتێکی دینامیکی نەرم دەدات، کە لە یەک کاتدا خۆڕاگر و لەگەڵ گۆڕانکاریدا بگونجێت. ئەم سروشتە زارەکییەی موزیکی ئێزدی نەک هەر بەردەوامیی بەکارهێنانی موزیک مسۆگەر دەکات، سەرەڕای نەبونی بەنۆتەکردن. بەڵکو بەرجەستەی یادەوەری و ناسنامەی کلتوریی لەناو خودی نمایشەکاندا ئاسانتر دەکات (Omarkhali, 2010: 111-127).

## ٥- فێرکردن و ڕاهێنانی قەواڵ

بەپێی گێڕانەوەی بەساڵاچوان، زیاتر لە 70 بۆ 80 ساڵ پێشتر، قوتابخانەیەکی ئاینی لە (بەهزانێ) هەبوە بۆ پێگەیاندنی قەواڵ و پەروەردەی ئاینییان. هەر بۆیە منداڵانی ئەم چینە لە تەمەنی (7 - 10) ساڵییەوە دەیانتوانی پەیوەندی بەو قوتابخانەیەوە بکەن. سەرەتا بە فێربونی نزاکان (دوعا) و بەیت و تێکستە ئاینییەکان، دواتر فێری ژەنینی هەردو ئامێری دەف و شەباب دەکران. مامۆستاکانیش بریتی بون لە باشترین قەواڵەکانی ئەو ڕۆژگارە. یەك لە مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە کە زۆر ناوبانگی هەبو (مام عیسۆ) بو. نابینا بوە و لەسەر دەستی ئەو قەواڵی زۆر دیار پێگەیشتون و دوایین مامۆستای ئەم قوتابخانەیە بوە. بەڵام دوای کۆچی دوایی (مام عیسۆ) قوتابخانەکە داخراوە. بۆیە ئیتر خوێندکار و قەواڵەکان لە ماڵەکانی خۆیان، یان بە سەردانیکردنی ماڵی قەواڵەکانیتر فێری بنەماکانی ئاینیی دەکران (جندی، ٢٠١٤; سالم، ٢٠١٩: ٣١-٣٢).

لە سەردەمی ئێستادا بەهەمان شێوەی ڕابردو، قوتابخانەیەك هەبو بە ناوی (قەواڵ سلێمان سڤۆ[١٤]) بۆ فێرکارییەکانی زانستی ئاینی و موزیکی تایبەت بە قەواڵەکان. ئەم قوتابخانەیەش لە ساڵی 2014 بە سەرپەرشتیی سەرۆکی قەواڵەکان (بەهزاد سلێمان سڤۆ) دامەزرابو. لەمبارەیەوە قەواڵ (نەسر دۆملی)، کە یەکێك بو لە کادیرە کارگێڕییەکانی ئەم قوتابخانەیە، گوتی: لەم قوتابخانەیە بەشێوەی خولی هاوینە منداڵی قەواڵەکان فێری ژەنینی دەف و شەباب و قەول و تێکستە ئاینییەکان دەکران. ئەمەش بە تایبەتی لە مانگی 6 هەتا وەکو مانگی 9، لەبەرئەوەی منداڵەکان لە مانگەکانیتردا قوتابخانەیان هەبو. بەڵام دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ ئەم ناوچەکەمان، ئەم قوتابخانەیەش بەجێهێڵدرا. بەڵام دوای ئازادکردنەوەی ناوچەکەمان، دوبارە لە ساڵی 2018 ئەم قوتابخانەیە کرایەوە و خولەکانی خۆی دەستپێکردوە و هەتا ئێستا بەردەوامە. قوتابخانەیەکە لە چەند هۆبەیەك پێکهاتوە، بەشێکی بۆ فێربونی دەفە و بەشێکی بۆ فێربونی شەبابە. سەرەتا قوتابییەکان تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ بەپێی ئاستەکانیان و پاشان بەسەر هۆبەکاندا دابەش دەکرێن. لەگەڵ ئەوانەشدا وانەکانی نزاکردن و قەول و تێکستە ئاینییەکان. بەشێوەی کوراسە بەسەر قوتابییەکاندا دابەش دەکرێ هەتا وەکو بتوانن هاوئاهەنگی و گونجان لە نێوان تێکستی ئاینی و کوبری - ئاوازەکەدا هاوشان لەگەڵ ژەنیندا بکەن (نەسر، ٢٠٢٣).

## ٦- ڕۆڵی موزیک لە سیستەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاینیدا:

سیستەمی چینایەتیی ئێزدی بە شێوەیەکی نەریتیی پێکهاتەی کۆمەڵگەکەیانی دیاری کردوە. ئەمەش نەک بە تەنیا ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان، بەڵکو بەشداریکردن و بەکارهێنانی موزیکیش دیاری دەکات. شێخ و پیرەکان وەک سەرکردەی ئاینی، بۆ هەندێک

گۆرانی و قەول و قەسیدە و بەیتی ئاینی مافی تایبەتیان هەیە، کە ڕۆڵ و پێگەیان لەنێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات. هەر ئەمەشە پێگەی ئەوان لەناو سیستەمی چینایەتیی ئاینیدا چەسپاندوە. ئەم تایبەتمەندییەش جەخت لەسەر یەکتربڕی موزیک و چین لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا دەکاتەوە (Kreyenbroek, 1995: 211). لێرەدا شایانی باسە لە سروتی سەمادا، کۆڕی سەماکێشەکان، لە سەماکانی (قانونی، بلند، زەرزا، شەرفەدین، شێشمس)، کە لە چواردە کەس پێکدێ، هەر یەک لەو سەماکێشانە نوێنەرایەتیی پیاوچاکێکی ئاینی و چینێکی کۆمەڵایەتی و ناوچەیەکی ئێزدینشین دەکات.

پلەبەندیی هەرەمی ئاینیی ئێزدی کە بە ناوەندی ناسنامەی خودناسی و حوکمڕانی کۆمەڵگە دادەنرێ، پەیوەستی زۆری بە دەربڕینە موزیکییەکان هەیە. پێکهاتەی ئەم پلەبەندییە ڕەنگدانەوەی لاهوتگەرایی ئێزدییە و ئەوەمان نیشان ئەدات کە موزیک نەک بە تەنها لە پەرستندا. بەڵکو لە هێڵکاریی دەسەڵاتی ڕۆحی و کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵی هەیە. تێگەیشتن لەم پلەبەندییە، لەپێش هەمو شتێکەوەیە بۆ تێگەیشتن لە تارمایی تەواوی ئەرک و گرنگی موزیکی ئێزدییەکان گرنگن. لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا موزیک وەک ئامرازێکی فرەلایەنە کاردەکات، کە لەڕێگەیەوە جیاوازییە چینایەتییەکان هەم دەردەکەون و هەم نێوەندگیری بۆ دەکات. ئەمەش وەک کارلێکەکی ئاڵۆز لە نێوان موزیک و چین و ناسنامە لە نێوان ئێزدیەکاندا، کە لەیەک کاتدا بۆ جیاوازیی کۆمەڵایەتی کاردەکات. هەروەها لە هەمان کاتدا، هەستکردن بە کەلەپور و ناسنامەی هاوبەش پەروەردە دەکات. هەروەک لە (بەیتا شێخێ سەنعان) کە فەرزی حەقیقەت[١٥] دیاری دەکات، دەڵێ:

هەر پێنج فەرێت حەقیقەتێ

شێخ و پیر و مەرەبی و هوستا و برێت ئاخرەتێ

فەرێت مە سونەتێ ئیرۆ بۆ دنێ سبەی بۆ بانگێ ئاخرەتێ (دنانی، ٢٠١٢: ٢٤٦)

ئەو گێڕانەوە تیۆلۆژیانەی (لاهوتی)، کە ناوەڕۆکی قەولەکانە، تەنیا چیرۆک نین، بەڵکو وەک لاهوتێکی زیندو بۆ ئێزدییەکان کاردەکەن، موزیکیش ئامرازەکانی گواستنەوە و بەهێزکردنیان دابین دەکات (Kreyenbroek, 2005: 307) .

ڕۆڵی قەوال وەک پیاوی ئاینی و موزیکژەنی گەڕۆک لە ناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا، بە شێوەیەکی تایبەت جێگەی سەرنجە. چونکە سپێردراون بە گوتنی قەولەکان لە کاتی ڕێوڕەسمی ئاینی و زیارەتەکاندا، لە هەمان کاتیش بەرپرسیارێتی پاراستنی نەریتە زارەکی و فێرکارییەکانی ئیمانەکە هەڵدەگرن. قەوالەکان لە ڕێگەی موزیکەکەیان، نەک هەر گێڕانەوەیەک لە مێژوی پیرۆزیی ئێزدیەکان دابین دەکەن، بەڵکو چینبەندیی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەشدا بەهێزتر دەکەن.

موزیک لە پەرستنی ئێزدیدا تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی سرودەکان نییە، بەڵکو خۆی کردەوەیەکی تەقواییە، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەیە بۆ خودایی (ئیلاهی). خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان لە کاتی مەراسیمە ئاینیەکاندا، بە یاوەریی میلۆدی و ڕیتمی دیاریکراو، ئێزدییەکان وای دەبینن کە بانگهێشتی ئامادەیی ڕۆحی و نیعمەتەکانی خودایە. ئەم پراکتیزانە جەخت لەسەر ئەو بۆچونە ئێزدییە دەکەنەوە، کە موزیک و دەنگ کوالیتیەیەکی پیرۆزی پێ بەخشراوە، کە دەتوانێت کەسەکانی سەر زەمین بە ئاسمانییەوە ببەستێتەوە(Omarkhali, 2016: 64-81) .

ئەو ئامێرانەی لە موزیکی ئێزدیدا بەکاردەهێنرێن، وەک دەف و شەباب، هەڵگری گرنگییەکی ڕۆحین. ئەمانە لەلایان بە تەنیا وەک ئامێری موزیکی سەیرناکرێن، بەڵکو کەرەستەی ڕێزدارن کە ئێزدییەکان لە ڕێگەیانەوە نێوەندگیریی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەزدان پێوەدەبەستن. بۆ نمونە لێدانی دەف لە کاتی ژەنینی سرودەکان، ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە لێدانی دڵی دروستکراوی خودایی لە ناو جەستەیاندا دوبارە دەکاتەوە و بە دەلالەتی ڕەمزی بارگاوین. باوەڕیان وایە کە ئەم ئامێرانە هەڵگری ڕۆحی موزیک و دەنگی ئیلاهی هەڵدەگرن. هەر بۆیە دەف و شەباب بە پیرۆز دادەنرێن و زۆرجار لە کاتی نمایشکردنی قەولەکاندا دەژەنرێن. چونکە بۆ ئەوان باس لە دروستکردنی جیهان و داستانەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی دەکەن (Asatrian, 2014: 55-76).

موزیک کاریگەری قوڵی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێزدی هەیە، لە ڕێگەی دەربڕینی موزیکەکەیانەوە ناسنامە و مێژوی خۆیان دەگێڕنەوە و دەخەنەڕو. بێجگە لە ڕۆڵی ئاینی کە دەیگێڕێ لە ناویاندا، هەست و سۆزی بەکۆمەڵیان بە تایبەت لە بەرامبەر ناخۆشی و ئاوارەبوندا پێدەردەبڕن. بە ئەمەش جینۆساید و دواتر کۆچی زۆرەملێ لە خاکی باوباپیرانیانەوە، تیشکی خستۆتە سەر ڕۆڵی موزیک وەک فۆرمێک لە بەرخۆدان و میکانیزمێک بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکەیان (Maisel, 2018: 98).

لێرەدا دەکرێ بڵێین کە موزیک وەک ئامرازێک بۆ گەیاندن و بنیاتنانەوەی شوناس خزمەت دەکات، بەتایبەتی لە سەردەمی دوای جینۆسایدی داعشدا. بۆیە فەزایەک بۆ ئێزدییەکان دەڕەخسێنێت کە جیاوازییە کلتوری و ئاینییەکەیان پێدوپات بکەنەوە و بەرەنگاری زاڵبونی کلتوری ئەوانیتری پێبینەوە. ئەمەش وەک چارەسەرییەک بۆ ڕوبەڕوی زەبر و زەنگی ئاوارەبون و لەدەستدان. ڕۆڵی موزیک لە پاراستنی تایبەتمەندی ناسنامەی ئێزدی لەسەر بنەمای چینایەتی، بە تایبەت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سڕینەوەیان. جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگییەکەی لەسەر هێڵی بەردەوامی ژیانی کلتوریان (Feldman, 2010: 141-158; Kizilhan, 2017: 97-103).

ئێزدییەکان لە مێژودا بە بەردەوام ڕوبەڕوی چەوساندنەوە بونەتەوە، کە لەم ساڵانەی دواییدا لە سەریان توندتر بو بو، بەتایبەتی لەگەڵ هێرشەکانی ساڵی ٢٠١٤ی داعش گەیشتە لوتکە، کە بوە هۆی کۆمەڵکوژی و ئاوارەبونی بەکۆمەڵ. ئەم جینۆسایدە نەک هەر بەردەوامی جەستەیی کۆمەڵگەی ئێزدیی تێکدا، بەڵکو مەترسی لەسەر گواستنەوەی نەریتە کلتوری و چینایەتییەکانیشیان دروستکرد. لەگەڵ ئەوانەشدا، موزیک بوە ئامرازێکی چارەنوسساز بۆ ئێزدیەکان، بۆ دوپاتکردنەوەی ناسنامەی خۆیان و ئاوەدانکردنەوەی پەیکەری کۆمەڵایەتییان لە دوای ئەم ڕوداوانە (Kizilhan, 2017: 120-128; Omarkhali, 2016: 381-399).

گەڕان بەدوای موزیک لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا، بەتایبەتی لە ناو چوارچێوەی یەکتربڕی لەگەڵ چین و شوناسدا. ئەو ڕێگە ئاڵۆزانە ئاشکرا دەکات کە نەریت و کلتور و باوەڕ لە ڕێگەی دەنگەوە تێکەڵ دەبن و دەردەکەون. وەک لێرەدا دەرکەوتوە، موزیک نەک هەر تابلۆیەکی دەوڵەمەندی دەربڕینی کلتوری دابین دەکات، بەڵکو وەک ئامرازێکی بەهێز. بۆ پاراستنی پلەبەندی کۆمەڵایەتی ناوازە و نەریتە تیۆلۆژییەکانیان (لاهوتییەکانی) لە ڕوبەرو بونەوەی ئاستەنگەکانی هاوچەرخدا کاردەکات.

## ٧- ئەنجام:

١- گواستنەوەی زارەکیی موزیک لە کلتوری ئێزدیدا بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵی ناوەندیی ئەو موزیکە لە پاراستنی نەریت و بەهێزکردنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتیدا.

٢- قەواڵەکان، کە بە پارێزەری موزیکی ئاینی ئێزدی دادەنرێن، ڕۆڵی گرنگیان لە نێوەندگیریی ئەزمونی ئاینی و پاراستنی هاوسەنگیی چینایەتی لە ڕێگەی هونەرەکەیاندا هەیە. لێرەدا، نەریتی موزیکی ئێزدی، بەتایبەتی ڕۆڵی قەواڵەکان، ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی مەعریفەی ڕازی (باطني) دەکات، کە پەیکەری کۆمەڵایەتی دەپارێزێت و پاڵپشتی لە پێکهاتەی پلەبەندی هەرەمی کۆمەڵگە دەکات.

٣- فێربونی ژەنینی دەف و شەباب و فێربونی کوبرییەکان و لەبەرکردنی قەولەکان و سەرختمکردنیان. هەمیشە بە ڕێگەی زارەکی و فێرکاری باوك بۆ منداڵ، ئینجا دواتر نەوە بۆ دوای نەوەکانیتر هاتوە. بەشێکی ئەم کارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەتا وەکو نهێنی و ڕێسا و یاسای ئاینەکەیان نەکەوێتە بەردەست دوژمن، کە لە مێژوی خۆیاندا چەندین فەرمانی کۆمەڵکوژییان بەسەردا جێبەجێ کردون. لە پاڵ ئەوانەشدا وەک بەهانە، هەمیشە تۆمەتی ناڕەوا کراوەتە سەریان بۆ هۆکاری کۆمەڵکوژییەکانیان. لەبەر ئەوە هەتا ئەم

دواییانە خۆیان لە نوسینەوەی تێکستە ئاینییەکانیان بەدورگرتوە. هەر بۆیە بە ڕێگەی قەولی سەرسینگ (عیلمی سەدەر) کەلەپوری ئاینی خۆیان بۆ نەوەکانی دواتر گواستۆتەوە.

٤- موزیک لە پەرستنی ئێزدیدا تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی سروتەکان نییە، بەڵکو خۆی کردەوەیەکی تەقواییە، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەیە بۆ خودایی (ئیلاهی). هەروەها لە ڕێگەی دەربڕینی موزیکەکەیانەوە ناسنامە و مێژوی خۆیان دەگێڕنەوە و دەخەنەڕو. بێجگە لە ڕۆڵی ئاینی کە دەیگێڕێ لە ناویاندا، هەست و سۆزی بەکۆمەڵیان بە تایبەت لە بەرامبەر ناخۆشی و ئاوارەبوندا پێدەردەبڕن.

٥- ئەو ئامێرانەی لە موزیکی ئێزدیدا بەکاردەهێنرێن، وەک دەف و شەباب، هەڵگری گرنگییەکی ڕۆحین. ئەمانە لەلایان بە تەنیا وەک ئامێری موزیکی سەیرناکرێن، بەڵکو کەرەستەی ڕێزدارن کە ئێزدییەکان لە ڕێگەیانەوە نێوەندگیریی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەزدان پێوەدەبەستن.

٦- موزیک لە ئاینی ئێزدیدا توخمێکی سەرەکییە لە ناو سرود و ڕێوڕەسم و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ ئێزدییەکان پێگەی موزیک زیاترە لە چێژێکی ستاتیکی؛ بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی و تاک بە خودا و کۆمەڵگە بە گەردونەوە دەبەستێتەوە.

٧- هەرچەندە قەوالەکان لەلایەنی پێکهاتەی دابەشکاری چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی لە چینی موریدەکانن. بەڵام بەهۆی پیرۆزیی ئەو ئەرکە ئاینییەی ئەنجامی دەدەن لە پاراستنی کۆی تێکستەکانی ئاینی و ڕۆڵ و کارایان لە گشت سرود و مەراسیم و بۆنەکاندا. هەردەم لەلایەن چینەکانیتری کۆمەڵگەکەیان، پێگە و ڕێزی تایبەتیان هەیە. سەرۆکی قەوالەکانیش ئەندامی ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدین، کە بەرزترین دەسەڵاتی بڕیاردانی ئێزدییەکانە.

٨- هەروەها بەهۆی تایبەتمەندیی قەوالەکان وەکو چینەکانی باڵای کۆمەڵگەی ئێزدی، ژن و ژنخوازی بە تەنیا لە نێوان خۆیاندا دەکەن. چونکە قەوال ئەو کەسەیە کە لە دایك و باوکێکی قەوال لەدایکبوبێ.

٩- ئەرکی قەوالەکان لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

أ. وتنی قەول و سرود و ستایش و ڕێنماییە ئاینییەکان لە ناو سرود و جەژن و ڕێو ڕەسمەکان.

ب. گێڕانەوەی قەسیدە و چیرۆکە مێژوییەکان لەسەر مێژوی خۆیان و کەسایەتییە ئاینی و شێخەکانیان.

ج. هاوەڵیکردنی تاوس مەلەك (سنجەق) لەکاتی گەڕان و سوڕانەکانیان لە گوند و ناوچەکانی ئێزدی نشین.

د. ژەنینی ئامێرەکانی دەف و شەباب لە سرود و ڕێوڕەسمەکانی ئاینیدا.

هـ. ئەو قەوالانەیتر، کە دەف و شەباب ناژەنن و کۆی گشتی قەوالەکانن لە دوای هەمو بۆنە و جەژن و ڕێوڕەسمەکاندا پەرستگەی لالش پاك دەکەنەوە و پاك و خاوێنی پەرستگەکە ئەرکی ئەوانە.

## ٨- پێشنیازەکان:

پێشنیازی ناونیشانی توێژینەوەی داهاتو بۆ توێژەرانی بواری ئێتنۆمیوزیکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی:

١- پەیوەندی نێوان ناوەڕکی قەولەکان و بنیادی موزیک لای ئێزیدییەکان.

٢- ڕۆڵی لە پاراستنی پلەبەندیی هەرەمی ئاینیی ئێزدیدا.

## ٩- ڕاسپاردەکان:

١- ڕاسپاردە بۆ ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدیی ئەکەین بە کردنەوەی چەند فێرگەیەکی موزیکیی لەسەر دەستی ئەو قەوالانەی ئەزمونی باشیان هەیە. ئەمەش کۆکردنەوە و بۆ ڕاهێنانی ئەو قەوالانەی کاری ژەنینی دەف و شەباب لە ڕێو ڕەسمەکاندا دەگرنە ئەستۆ، بۆ بەرەو پێشبردنی زیاتری ئاستی پێرفۆڕمەنسیان.

٢- ڕسپاردە بۆ ئەنجومەنی بەشەکانی موزیک و سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆکانی کوردستان بە هاندان و ڕێنوێییکردنی قوتابیانی خوێندنی باڵا/ ماستەر- دکتۆرا. بە تەرخانکردنی ناونشانی تێز و ماستەرنامەکانیان لەسەر بابەتی پەیوەست بە ئێزدییەکان. چونکە لە لایەنی فەلسەفەی ئایینی و کەلتوری مرۆڤناسیی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر دەوڵەمەندن و دەکرێت سودی زۆر بە توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارانە بگەیەنێت.

## سەرچاوەکان:


ئەڵوەنی، نەجم، ئاینی ئێزدی لە نێوان چەند جەمسەری و بڕوای یەکتاپەرستیدا . لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 1999.

بیتنەر، د. ماکسیمیلیان، هەردو کتێبی پیرۆزی یەزیدییەکان جلوە و مەسحەفی ڕەش، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2007.

خانکی، کۆڤان، هزر و فەلسەفە و ئەدەبیاتا دینێ ئێزدیان دا، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش - 29، چاپخانا هاوار، دهۆك 2016.

دنانی، شەمو قاسم، چەند تکستێن پیرۆزیێن ئۆلا ئێزدیان، بەرگێ دوێ، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش (25)، چاپا ئێکێ، چاپخانا هاوار، دهۆك، 2013.

دنانی، شەمو قاسم، چەند تێکستێن پیرۆز یێن ئۆلا ئێزدیان، بەرگێ ئێکێ، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا لالش (١٣)، چاپخانا هاوار، کوردستان – دهۆک، ٢٠١٢.

سالم، ناطق، دەف و شباب و ئاینی ئێزدیاندا، گۆڤاری لالش ژمارە 44، دەستەیا بلندا بنەگەهێ لالش، هاوینی 2019.

سەرگەلی، نذیر، ئێزدیاتی ل بەر ڕوناهیا قەول و سەبەقا، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش ژمارە -٤٣-، چاپخانا هاوار، دهۆک، ٢٠٢١.

کەرمەلی، ئەنستانس ماری، کتێبی ئێزدییەکان (جلوە و مەسحەفا ڕەش) و بیبلۆگرافیای ئێزدیاتی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، زنجیرەی کتێبخانەی کوردناس (4)، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2006.

میران، ڕەشاد، ڕەوشی ئاینی لە کوردستاندا، چاپی دوەم، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، 2000.

هاشم، حەمە، هونەری پیرۆز، چاپکراوەکانی ڕێکخراوی ڕۆژا شنگال، کوردستان، 2019.

چاوپێکەوتن لەگەڵ قەوال نەسر حاجی خدر دۆملی، باشیک، ١٧-١-٢٠٢٣.

باقسری، عزالدين سليم، الشيخ آدي والنظام الديني الايزدي، مجلة لالش عدد 11، سنه ؟ .

باقسرێ، عزالدين سليم، مەرگەهـ، من منشورات مركز لالش، مطبعة خەبات، دهۆك، 2003.

بدر، أ. عايد محمود، الطبقات الاجتماعية والدينية للمجتمع الايزيدى، مجلة رسالة المشرق، مجلد 33، مركز الدراسات الشرقية، القاهرة، 2018.

البناء، هاشم، اليزيديون، الطبعة الاولى، مطبعة الامة، بغداد، 1964.

جندى، د.خليل، القوالون . الوعاء الامين لحفظ تراثنا الديني، موقع مدارات الكورد في الانترنت www.medaratkurd.com/2014/12/23/974 تاريخ النشر 2014/12/2.

حسن، شهرزاد قاسم، دور الالات الموسيقية في المجتمع التقليدى في العراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، 1992.

حيجو، امين فرحان، القوميه الايزيديه جذورها . مقوماتها . معاناتها، بغداد 2010، ص 232 . 265.

خضباك، شاكر (الدكتور)، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، لطبعة الاولى، مطبعه شفيق، بغداد، 1972.

خلو، ممتاز حسين سليمان، الايزيدية التنظيم الديني . المقدسات . المحرمات . المراسيم والطقوس في ضوء النصوص الدينية، مطبعة هاوار، دهوك، 2012.

الديوەجى، سعيد، اليزيدية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، 2003.

رشيد، د. صبحي انور، الموسيقي في العراق القديم، درا الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، 1988.

سمو، ازاد سعيد، اليزيدية من خلال نصوصها المقدسة، المكتب الاسلامى، بيروت، 2001.

ظاظا، حسن، الايزيدية ام الديانات في عمق التاريخ، هيئة الثقافة والفن في اقليم الجزيرة، دار سليم للطباعة والنشر، 2019.

عبود، زهير كاظم، التنقيب في التاريخ الايزيدى القديم، دار سپيرز، مطبعة حاج هاشم، اربيل، 2006.
محو، ارشد حمد، الكورد الايزيديون في كتب الرحالة البريطانيين من مطلع القرن التاسع عشر الى نهاية الحرب العالمية الاولى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعه دهوك، كلية الاداب، 2009.
يزدين، الدكتور قيصر خلات، العمارة الدينية الايزدية في بلاء الرافدين، الهيئة العليا لمركز لالش، العدد 45، مطبعة هاوار، دهوك، 2021.

Ackermann, A. "Music and the Politics of Resistance: Strategies of Identity and Freedom among the Yezidis in Syria." *Anthropology Today* 22, no. 6 (2006): 6-12

Allison, Christine. "The Yezidi Oral Tradition in Iraqi Kurdistan." Richmond: Curzon Press, 2001.

Asatrian, Garnik S., and Victoria Arakelova. "The Religion of the Peacock Angel: The Yezidis and Their Spirit World." Durham: Acumen, 2014.

Feldman, Walter. "Music of the Ottoman Court and the Paradoxes of Plurality." *Journal of Interdisciplinary Music Studies* 4, no. 2 (2010): 141-158.

Kizilhan, Jan Ilhan. "Music as a Vehicle for Identity Reconstruction in the Yazidi Community." *Journal of Psychiatric Research* 89 (2017): 120-128.

Kizilhan, Jan Ilhan. "The Impact of Tradition and Religion on the Social Structure among the Yezidis." *Journal of Religious Health* 56 (2017): 1627-1637.

Kizilhan, Jan Ilhan. "Trauma and Resilience: Music as a Healing Art for the Yazidi." *Journal of Psychiatric Research* 89 (2017): 97-103.

Kizilhan, Jan Ilhan. "Yazidi Women and the Holy Syncretistic Traditions of the Peacock Angel." In *The Yazidi Oral Tradition in Iraqi Kurdistan.* Richmond: Curzon Press, 2017.

Kizilhan, Jan Ilhan. "Yezidi Men, Yezidi Women, and the Holy Syncretistic Traditions of the Peacock Angel." *Journal of Religious Health* 56 (2017): 2118-2131.

Kreyenbroek, Philip G. "God and Sheikh Adi are Perfect: Sacred Poems and Religious Narratives from the Yezidi Tradition." Wiesbaden: Harrassowitz Verlag, 2005.

Kreyenbroek, Philip G. "Yezidism in Europe: Different Generations Speak About Their Religion." In *Kurdish Diasporas*, edited by Martin van Bruinessen and Hendrik Boeschoten, 70-87. New York: Macmillan, 1995.

Kreyenbroek, Philip G. "Yezidism: Its Background, Observances and Textual Tradition." Texts and Studies in Religion, vol. 62. Lewiston, NY: Edwin Mellen Press, 1995.

Maisel, Sebastian. "Yezidi Music and Cultural Resilience." *Musicology Research* 34 (2018): 89-102. And:

Maisel, Sebastian. "Yezidis in Syria: Identity Building among a Double Minority." Lexington Books, 2018.

Omarkhali, Khanna. "The Book of the Pearl: The Historic and Religious Encapsulations of the Yezidi's Faith in Mesopotamia." *Orientalia Suecana*, vol. LIX (2010): 111-127.

Omarkhali, Khanna. "The Role of Music in Preserving Yazidi Cultural Identity." *Journal of Middle Eastern Studies* 48, no. 2 (2016): 381-399.

Omarkhali, Khanna. "The Yezidi Myth of Tawûsê Melek." *Journal of Kurdish Studies* 5, (2016): 64-81.

Omarkhali, Khanna. "The Yezidi Pantheon and the Role of Sacred Figures: An Exploration in Religious Syncretism." *Folklore: Electronic Journal of Folklore* 61 (2016): 125-142.

Omarkhali, Khanna. "The Yezidi Qewwals: Carriers of the Oral Tradition and Transmitters of Religious Knowledge." In *The Yezidis: The History of a Community, Culture, and Religion*, 120-136. London: I.B. Tauris, 2016.
Omarkhali, Khanna. "Yezidi Culture: A Quandary of Oral Tradition and the Lack of Writing." *Folklore: Electronic Journal of Folklore* 45 (2010): 123-136.
Spät, Eszter. "The Sacred Words: Orality, Literacy and Religion in the Neo-Assyrian Period." *Journal of Ancient Near Eastern Religions* 18, no. 1 (2018): 10-24.
Spät, Eszter. "The Yezidis: The History of a Community, Culture, and Religion." London: I.B. Tauris, 2018.
www.britannica.com/art/qawwali

**پەراوێزەکان:**

[١]- بڕوانە: میران، ڕەشاد، ڕەوشی ئاینی لە کوردستاندا، چاپی دوەم، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، 2000، ص 118 ـ 127. هەروەها: ئەڵوەنی، نەجم، ئاینی ئێزدی لە نێوان چەند جەمسەری و بڕوای یەکتاپەرستیدا . لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 1999، ص 41 ـ 44.

[٢]- بنوارە لیستی سەرچاوەکانی تەوەری دوەمی: نەجم ئەڵوەنی، سەرچاوەی پێشو، ل 50 ـ 52.

[٣]- بۆ زیاتر بنوارە: بیتنەر، د. ماکسیمیلیان، هەردو کتێبی پیرۆزی یەزیدییەکان جلوە و مەسحەفی ڕەش، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2007، لاپەڕەکانی 25 ـ 40 بە زمانی کوردی و لاپەڕەکانی 41 ـ 54 بە زمانی عەرەبی. هەروەها: کەرمەلی، ئەنستانس ماری، کتێبی ئێزدییەکان (جلوە و مەسحەفا ڕەش) و بیبلۆگرافیای ئێزدیاتی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، زنجیرەی کتێبخانەی کوردناس (4)، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2006، ل 71 ـ 112.

[٤]- دنانی، شەمو قاسم، چەند تکستێن پیرۆزیێن ئۆلا ئێزدیان، بەرگێ دوێ، ژ وەشانێن دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش (25)، چاپا ئێکێ، چاپخانا هاوار، دهۆك، 2013، ل 33.  کۆی گشتی قەولێ مەرسوما حەبێرە لاپەڕەکانی 27 ـ 44.

[٥]- هەر ئێزدییەک لە هەر چینێک بێت (نێر یان مێ) دەبێ برا یان خوشکی ئاخرەتی هەبێ. دیاریکردنی برا یان خوشکی ئاخرەتێ دەبێ پێش هاوسەرگیری بکرێ و دەبێ کەسەکە لە چینی پیر یان شێخ بێت.

٦- یان شێخی مەرگەهـ، بەناوچەی لالش و گوند و شارەکانی دەوروبەری لالش دەگوترێ مەرگەهـ، کە لە وشەی (مێهرگەهـ)هوە هاتوە لە دو بەش پێکهاتوە (میهر = خۆر ـ ڕۆژ) و (گەهـ = نیشتمان) دەبێتە نیشتمانی شەمسییەکان ـ شەمسانی.

[٧]- ئێوارەی شەڤ بەرات دەکەوێتە ناو جەژنی چلەی زستانە، کە چەندین ڕێوڕەسمی ئاینی لەم ئێوارەیە ئەنجام دەدرێ.

٨- بۆ زیاتر زانین دەربارەی موزیکژەنان و پۆلینکردنیان لەسەردەمی سۆمەرییەکان بنوارە، رشید، د. صبحي انور، الموسيقي في العراق القديم، درا الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، 1988، ص 76 ـ 78.

[٩]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (www.britannica.com/art/qawwali).

١٠- مۆمدانێکی برۆنزییە کە باڵندەیەکی لەسەرە. نوێنەرایەتی یەکێک لە هێماکانی "تاوسی مەلەک" دەکات.

١١- جێگایەکی لاکێشەییە، کە لە ٨١ ئەڵقەی مس (٩*٩) پێکهاتوە کە لەسەر فەرشێکی تایبەت بەیەکەوە بەستراوەتەوە و شێوەی پەنجەرە دەدات. لەلای ئێزدییەکان بە پیرۆز دادەنرێت. چونکە باوەڕیان وایە تەرمی شێخ ئادێ لەسەر گواستراوەتەوە بۆ  ناشتنی لە مەزارەکەیدا.

١٢- کوبری: واتا ئاواز – میلۆدی. قەوالەکان ناڵێن ئاوازێ گۆڤەند یان ئاوازی سەما یان ئاوازی قەوال، بەڵکو پێی دەڵێن کوبری سەما یان کوبری گۆڤەند (نەسر، ٢٠٢٣).

١٣- فەرمان وشەیەکی تورکییە واتا بڕیار، ئێزدییەکان وشەی فەرمان بەرامبەر هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی بەرامبەریان بەکاردەهێنن، کە سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و والیەکانیان بڕیاری ڕەوایەتی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانیان دەدا. بنوارە: (حیجو، 2010: 232-265).

١٤- قەوال سلێمان سقۆ 1928-2014، لە ساڵی 1948 وەکو مەزنێ قەوالان دانرا تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی لە ڕێکەوتی 2014/4/25، لەدوای ئەو کوڕەکەی بەناوی قەوالی بەهزاد بوە مەزنێ قەوالان.

١٥- ئاینی ئێزدی لە دو ئەرکانی سەرەکی پێکدێت: یەکەمیان فەرزێن حەقیقەتێ (فەرزێن ڕاستیێ)، کە پێکهاتییە لە پیر و شێخ و هوستا و مەرەبی و خوشک و برایێن ئاخرەتێ، برایێ ئاخرەتێ یان خوشکی ئاخرەتێ ئەو کەسەیە، کە هەر ئێزدییەک ژن بهێنێ یان مێرد بکات، زاوا دەبێ برایەک بۆ ئاخرەتێ دیاری بکات و بە هەمان شێوەش بوک دەبێ خوشکێک بۆ ئاخرەتێ دیاری بکات و مەرجە لە چینێکی جیاواز بێت. دوەمیان فەرزێن تەریقەتێ (فەرزێن ڕێ)، کە فەرزەکانی ڕێبازی ئێزدییەکانە و بریتییە لە: مۆرکردن بە ئاوی کانیا سپی و شەهدا دینی و دوعا و ڕۆژوگرتن و گریڤان و سونەتکردن. بۆ زیاتر بنوارە: سالم، ٢٠١٩: ١٩-٢٠)